# سێ شیعر

حەمەی مەلا



٢٤ی کانونی یەکەم ٢٠٢٢ شیعر

**"بێ تۆ نەبوون، نییە"**

تۆ چرپەیەکیت

بە نوتفەیی بانگهێشتت کردم بۆ ژیان

تۆ دەنگێکیت

لە شەوی لە دایکبوونمەوە دەتبیستم

هاوارێکیت ساڵەهایە بۆ سەرچاوەکەت دەگەڕێم

لە خۆمدا، تا ژێر هەنسکەکانی منداڵیم بۆت گەڕام و نەمبینیت

بە ناو کوچە تاریکەکانی دڵمدا شوێنت کەوتم،

بەڵام تەنیا ئەو تریفانەم بینی لە هەنگاوت هەڵوەریبوون!

لە بنی خەرەندەکانی ڕۆحمەوە بە جۆرێک بانگم لێ کردیت،

عەرشی خوا کەوتە لەرزین و بورجی بابل بە شکۆی ناوەکەت ڕووخا

لەسەر زایەڵەی ناوی تۆ نەتەوەکان کەوتنە گۆ و زمانیان پژا!

پەڕە پەڕە مێژووی شارستانییەتەکانم بە شوێنتا هەڵدایەوە

لە "وەرکا" بۆ دۆزینەوەت نووسراوی سەر تاتەکانم خوێندەوە

ناوی تۆم لەسەر دەروازەکانی نەینەوا بینی و سۆراغم کردیت

لە میسر شوێن پێکانتم لەسەر کەناری نیل هەڵگرت

لە لوتکەی هەرەمەکانەوە بۆ تۆم ڕوانی و ئەفسوس هەر نەمدۆزیتەوە!

هەتا چین بەدواتا هاتم، عەتارەکان لە هەناسەت میسک و عەتریان دەگرتەوە

لە هندستان بۆ سەلماندنی تەناسوخ، بە باخچەدا ڕۆحی تۆیان دەناسییەوە!

له گریک چوومە سەر ئەکرۆپۆلی و بانگم کردی

بێ ناوی تۆ؛ له ئەکادیمیای ئەفلاتون نەیانهێشت بچمەژوورەوە!

تۆ چرپەیەکیت له ئەزەلەوە گوێم لێتە

له ئەفسانەکاندا بۆت گەڕام و دەستەکانتم نەدۆزییەوە

کە هۆمیرۆس ئیلیادەی نووسی تۆ حیبرت بۆ دەگرتەوە

هەندێک دەڵێن؛ نەخشەڕێگای هەڵهاتنت بۆ ئەنتیگۆنا داناوە

بەهۆی تۆوە ئۆرفیۆس پشتی کردووەتە خوداکان

لەبەر تۆ بوو کە ئۆردیکای لەدەست داوە!

بەپێی گێڕانەوەی تەورات

سەردەمانێک لە بەهەشتدا باغت ئاوپرژێن کردووە

ئەو کاتەی ئادەم دەرکرا، له عەدەن مامانی گوڵ بوویت

له دوای تۆفانی نوحەوە

له ڕەزەکانی ئۆرشەلیم ترێت کردووە بە شەراب

سەردەستەی ئەو کچانە بوویت، سلێمان غەزەلی بۆ وتوون!

سەبەئییەکان ئەو کاتەی تۆیان بینیوە، وازیان لە بەلقیس هێناوە

شیوەنەکانی یەرمیاش بۆ بێمەیلی تۆ نووسراوە!

له زاهیرا بە دزی پوتیڤارەوە

نامەی یوسفت بردووە بۆ زولەیخا

له کەنعان ئەندازیاری غەم بوویت

یەکەم ماڵی چاوەڕوانی تۆ بۆ یەعقوب نەخشەت کێشا!

تۆ ڕازێکیت لە ئەزەلەوە دەتبیستم

زۆرجار دەنگدانەوەی ناوت، هەناسەمی تاساندووە

بۆ هەر جوانییەک وەستابم سوسەی دەنگی تۆم کردووە

لە دەرباری فیرعەوندا بە نیگای تۆ سیحریان بەتاڵ کردۆتەوە

موسا بە باسی جوانی تۆ بەحری کرد بە دوو کەرتەوە!

تۆ چرپەیەکیت تکاویتە ناو خوێنمەوە

لە ئینجیلدا، بەپێی کتێبی بەرنابا

یەکەم پەیامبەری جوانیت مژدەی هاتنت دراوە

لەسەر تۆ پۆڵس ڕووی لە مەسیح وەرگێڕاوە!

لە قورئاندا نهێنی خەلق بەستراوە بە ناوی تۆوە

خودا بۆ سەلماندنی خۆی، شێوەی تۆی بەدیهێناوە!

تۆ ترپەی لێدانی عەشقیت

لە دوای سی ساڵ؛ خورپەت ڕژایە دڵمەوە

بە شوێنتا چوومەوە ئەزەل، تا بۆ ئەبەد بتدۆزمەوە!

غەریبێکی لانەوازیت، هاوماڵی نەورەس و دەریایت

لە "با"دا بۆنی تۆ ئەکەم، بە باراندا ئەتناسمەوە

ڕەمزی شار و ئەفسانەکان لەبەر پێتا بوون بە غوبار

تەنیا شیعر بۆ شکۆی تۆ، شایستەیە ببێت بە شار!

لەسەر زایەڵەی مەوداکان

پرشنگی مانگەشەوێکیت؛ پڕم دەکەیت لە تریفە

بە وەرینی شەونمێکت، سەحرام دەبێتە لالەزار!

---

# "مەستی"

گەڕیدەیەکم ڕەنگی هەموو شەرابەکانم بینیوە،

لە پیاڵەی هەموو سەردەمەکانم خواردۆتەوە،

لەگەڵ تاڵیی بادەکاندا هاوسەفەر بووم،

لە درزی هەورەکانەوە، فریشتەم بە ڕووتی بینیوە!

هەندێک جار شێتی وەک ڕازێکی پەنهان ڕژاوەتە ناو خوێنمەوە،

لە ئەوجی مەستییدا قسەم لەگەڵ مانگی یەک شەوەدا کردووە،

بە ناڵەی من، درەختەکان میوەی ئازاریان گرتووە

ئەستێرە هەبووە لەبەر تورەییم ئاسمانی بەجێ هێشتووە!

وەڵامم هەبووە تا کۆتایی هەر بە پرسیار ماوەتەوە، باڵندەی پرسیارم ناسیوە بە شاری وەڵامدا فڕیوە!

شەوم هەبووە، بێگانەکان لە دۆستەکانم دڵسۆزتر بوون،

دۆستم هەبووە، لەناو گەرمەی پێکەنیندا حاشای لە بوونم کردووە.

گوێم لێ بووە لە گەمارۆی تاریکیدا نەخشەی کوشتنیان کێشاوم،

هاوڕێم هەبووە سەرباری برینی خۆی، فرمێسکی بۆ من سڕیوە!

هاوڕازم هەبووە لەناو باخدا بەیەکەوە،

ڕێمان بە خودا گرتووە،

بە هەناسەی، تۆزمان لەسەر پەیکەری شاعیران سڕیوە..

جار هەبووە، لەناو دڵی شەوەزەنگدا مەستانە گۆرانیم بۆ وتوویت،

لە کوچەکانی خەیاڵدا، بە دوای تارماییەکەت کەوتووم،

لەگەڵ بۆنی هەڵاڵەکان هەناسەتم لێ تێکچووە.

هەتا شەوێک لەتۆدا بەر موتڵەق کەوتم،

زانیم بێ تۆ؛

ئەو ڕۆژگارانەی ژیاوم، بەهەدەرچوون.

ئەو شەرابانەی نۆشیومن

لە نەشئەی مەستی خاڵی بوون!

-----

## "بێدەنگی"

دەمەوێت پشوو بدەم

دەمەوێت بەبێ سەرین، بەبێ پێخەف

لەسەر پەڵەهەورێکی وێڵ ڕاکشێم

دەستێکم بخەمە ژێر سەرم و بەوەی تریان لە هەوادا بنووسم؛ بێدەنگی!

دەمەوێت، هاونشینی ئەو ئەستێرانە بم شەوانی منداڵی بە بێدەنگی دەمژماردن

دەمەوێت لە نزیکەوە گوێ لە بێدەنگیی خودا بگرم و دەست لە گەرمی خۆر بدەم

دەمەوێت لە بێدەنگیی ڕووناکی ڕابمێنم، کە ئێمە هەمیشە بە دەنگمان دەیشێوێنین

دەمەوێت بەدیار کپی تریفەی مانگەوە، دڵم پڕکەم لە بێدەنگیی خەرمانە

بە ئاگری بێدەنگی دوای کشانی ئەستێرەکان

وشە دەنگدارەکان لەسەر زمانم بسووتێنم!

دەمەوێت لە حیبری شەو، لە نەرمی باران، لە کوژانەوەی ئەستێرە، لە تەمی چڕی سەر شاران

زمانێک بسازێنم هەموو پیتەکانی بێدەنگ بن!

دەمەوێت لە ئەسپەکەم دانەبەزم، کە پەڵەهەورێکی بێدەنگە

تا نیشتمانێک دەدۆزمەوە دوور لە ژاوەژاو و هاوار

دوور لە هەر دەنگێک، کە بلوری بێدەنگی دەشکێنێت، لەهەر ناڵەیەکی ناوەخت، کە خەوی باخم دەزڕێنێت

دەمەوێت نیشتەجێی شارێک بم

بازاڕەکانی بێدەنگ بێت

خەڵکەکەی بە بێدەنگی سڵاو لە یەکتر بکەن

قیتارەکانی لەسەر سکەیەک بڕۆن

لەژێر چەکوشی بێدەنگیی ئاسنگەراندا دروست بووبێت

شۆفێری تاکسی و پاسەکانی بە بێدەنگی

نەفەر سەرخەن

نەفەرەکان بە بێدەنگی چیرۆک بۆ یەک بگێڕنەوە

بە بێدەنگی لە وێستگەکاندا دابەزن، بەبێ دەنگی بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە!

دەمەوێت ئێواران لە شەقامێکی بێدەنگدا

دڵدارەکان بە بێدەنگی سەما بکەن

بچن بۆ باخی بێدەنگی، بۆ سەیری سینەمای بێدەنگ، شیعری بێدەنگ بۆ یەکتری بخوێننەوە!

من دەمەوێت پشوو بدەم

دەمەوێت لە ئەسپە هەورینەکەم دانەبەزم

کە هەرجارە و بایەک دەبێتە مەیتەری

دەمەوێت وەک موسافیرێکی بێدەنگ، وەک باڵندەیەک کە کەس باکی بە فڕینی نییە

بێدەنگی بەسەر جیهاندا ببەخشمەوە

دەمەوێت ببمە ئیمپراتۆرێک، قەڵەمڕەوەکەم لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لە باکوورەوە بۆ باشوور، بێدەنگی بێت!

سوپام هەبێت هەموو سوارە و پیادەکانی بێدەنگ بن،

کە لە جەنگەکاندا دۆڕان بە بێدەنگی تێک بشکێن،

کە سەرکەوتن، تەپڵی سەرکەوتن لێ نەدەن، بەبێ دەنگ بگەڕێنەوە!

دەمەوێت جیهانێک دروستکەم هەموو سوچ و کەلێنێکی بێدەنگی بێت،

لە هەر دەروازەیەکیەوە بڕۆیت بە بێدەنگی کۆتایی بێت،

داخڵی هەر شارێکی بوویت بەناو بێدەنگیدا بڕۆیت، چوویت بۆ هەر مەیخانەیەکی مەیگێڕەکانی بێدەنگ بن،

مەستەکانی بێدەنگ بگرین، لە جێی شەراب بێدەنگی تیا بخورێتەوە!

بەڵام وەک چۆن

هەمیشە لەژێر بەفردا بەهارێکی نووستوو هەیە،

وەک چۆن

هەر قوفڵێک کلیل و هەر دڵێکی داخراو شفرەی خۆی هەیە،

لەژێر هەوری ئەم بێدەنگییەی منیشدا دەنگێک هەیە؛

دەنگێکە لە شکستی شۆڕشەکان جیابۆتەوە و بۆ سەردەمی تر دەگەڕێت!

قریشکەیەکە لە خۆڵەمێشی ژنە سووتاوەکاندا بۆتە قەقنەس و

نایەوێت دەستی لە ژیان بەربێت!

ناڵەیەکە لە گەروومدا، هەناسەمی خنکاندووە

دەیەوێت بەبێ تۆ هیچ هاوارێک دەنگی نەبێت

بێدەنگیم هێندە سامناک بێت، هیچ دەنگێک لە ڕەنگی نەبێت!

---------